**بەرکولێ لە مێژووی شۆڕشی سەربەخۆیی و شەڕی ناوخۆی ئەمەریکا...**

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢١/٧/١٤



بەشی دوو

**"شۆڕشی ئەمەریکا سەرەتایەک بوو،هێشتا تەواو نەبووە". W.Wilson**

لە فیدڕاڵی دەوڵەتەوە بۆ دەوڵەتی فیدڕاڵی..

هەر لە سەرووبەندی شەڕی سەربەخۆییدا، کۆلۆنییەکان دەستووری خۆیان هەبوو، جۆرێکیش لە فیدڕاڵی دەوڵەتی پەیوەندی شل لەنێوانیان هەبوو. لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەستووری ساڵی ١٧٨٧دا بوونە دەوڵەتێکی فیدراڵ. سەرۆک کۆمار بەشێوەیەکی دیموکراتی هەڵدەبژێردرێ... پەرلەمانیش دەبێت بە دوو بەشەوە.. ئەوەی جێی مشتومڕ بوو نوێنەرایەتی دەوڵەتە بچووکەکان بوو ،هەروەها دەوڵەتەکانی باشوور بەو ژمارە زۆرەی کۆیلەکانیانەوە. سیستەمێک لە Checks and balances دەبوو پێکەوە کارکردنی تاکەتاکەی ئۆرگانەنەکانی دەستوور مسۆگەر بکات و ڕێگری بکات لە خراپ بەکار هێنانی دەسەڵات. دەستوور چارەسەرێکی پراگماتیکی بوو.

لێرەدا ١١ دەوڵەتۆکە لە هەر ١٣ دەوڵەتەکە لە نێوان ١٧٧٦-١٧٨٠ دا لەسەر ڕاسپاردەی « کۆنگرەی کیشوەر» دەستوورێکیان نووسی لەسەر بنەمای « پرنسیپی سەروەرێتی گەل Massachusetts » ساڵی ١٧٨٠ دەستوورەکەی لەلایەن خەڵکەوە لە چوارچێوەی ناسراو بە Town Hall Meetingsپەسەند کرا. ئەم دەستوورە کۆنترین دەقە و ئێستاش کاری پێ دەکرێت. ماف لە پلەیەکی بەرزدا ناوەڕۆکی دەستوورەکەیە، بەس گەل دەتوانێ دەستوور بگۆڕێ نەک زۆرینەی پەرلەمان . لەلایەن زۆر لە دەوڵەتۆکەکانەوە پێشنیاز کرا شتی نوێ بۆ دەستوور زیاد بکرێ و فراوانتر و دەوڵەمەندتر بکرێ. دواتر لە ١٢،٦،١٧٧٦ دا Virginia Declaration of Rights ، دەستوور دەرچوو کە هاوڵاتی دەپارێزی لەبەرانبەر دەسەڵاتی دەوڵەت دا و ڕەوایەتی بە سیستەمی کۆماری دەبەخشێ... پاشان کاتالۆگی مافی مرۆڤ ڕاگەیەندرا، کە گوشاری بۆسەر سیستەمی کۆیلایەتی هێنا ، کە لە دەوڵەتانی سەروو هێڵی Mason- Dixon -Linie لە نێوان Pennsylvania & Maryland قەدەغەی بکەن.

ساڵی ١٧٧٧ کار لەسەر یاسای کۆنفدرالّی کرا بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەوڵۆتەکەکان. لێرەدا ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر لەسەر دەسەڵاتی ناوەندی هاتە کایەوە، بە چ شێوەیەک بێت مەترسی دروست نەکات! بۆیەکا فیدرالّی دەوڵەتۆکەیەکی شلیان پێ باش بوو، کە ناونرا The United States of America.لەم سیستەمەدا هەر دەوڵەتۆکەیەک تا ڕادەیەکی باش پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆی دەکات، بەڵام بۆ دەرەوە دەزگایەک پێویست بوو. لەسەر گۆنگرێس Kongress / ڕێک کەوتن، کە شوێنی نوێنەرایەتی تەواوی دەوڵۆتەکە پەرلەمانییەکان بێت... هەر دەوڵەتۆکەیەک دەنگێکی هەبێت بۆ پێکهێنانی زۆرینەش پێویست بە دەنگی ٩ دەوڵەتۆکە هەبوو.

هەڵبژاردنی یەکێک لە ئەندامانی کۆنگرێس بە سەرۆک،ئەو کەسە مافی نوێنەرایەتی تەواوی هەیە. بەرەزامەندی گشت لایەک لە ١٧٨١ ئەم دەستووورە کەوتە کار.. دیارە گۆنگرێس کۆمەڵی مافی تری گرنگی هەیە.. « بڕیادان لەسەر شەڕوئاشتی، دانانی هێزە چەکدارەکان، ناردن و پێشوازی شاندەکان، وەرگرتنی قەرز ، دەرکردنی پارە و ڕێکخستنی هەرای سنووری نێوان دەوڵەتۆکەکان...«دوای سەرکەوتنی شۆڕش بەسەر بەریتانیادا تووشی کۆمەڵێ گرفتی سیاسی و ئابووری بوونەوە تا ناچار بوون لە ١٧,٩,١٧٨٧ دا دەنگ بە دەستوورێکی نوێ بدەن.

بە کورتی دەسەڵات لە نێوان یاساداڕێژەر و جێبەجێکەر و دادوەریدا بە چاکترین شێوە دابەش بووە، هەر لایەک سەربەخۆیی تەواو و دروستی خۆی هەیە، لەبەر ڕۆشنایی دەستوور و یاسادا هەڵسوکەوت دەکەن. فیدرالّی لەچاو کۆنفدراڵیدا تا دەهات بەهێزتر دەبوو و دەسەڵاتی زۆر شتی دەگرتە دەست. دەزگا گرنگەکان «گۆنگرێس و ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی و ئەنجومەنی پیران»ن. هەڵبەت کێشە و ئاڵۆزی نێوان دەوڵەتۆکەی گەورە و بچووک و باکوور و باشوور بە کۆیلەکانەوە تا دەگەیشتنە ڕێککەوتن زۆر کێشەی گەورەی لێ کەوتوتەوە . لێرەدا پرنسیپی Checks and Balances هاوسەنگی پێدەهاتە کایەوە..بەکورتی پرسی دەستوور ، وەک بەیاننامەی سەربەخۆیی بە ئاسانی لەسەری پێک نەهاتن، بەڵکو کێشمەوگێرەی زۆری تێکەوتوو زۆری پێچوو تا لەسەری ڕێک کەوتن. دوا دەوڵەتۆکە Rhode Islandبوو ساڵی١٧٩٠ ڕازی بوو بەدەستوورەکە. لێرەدا پرسی هەڵبژاردنی George Washingtonلە فێبرایەری ١٧٨٩ بەیەکەم سەرۆک و دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ساز بوو . ئیدی دۆلار وەک دراو چاپ کراو و بانک دامەزرێندرا . تۆماس جێفەرسۆن وەک کۆمارخواز بووە وەزیری دەرەوە و دواتر لەسەر سیاسەتی دەرەکی بیروبۆچوونی جیواز بوو، وەک ئۆپۆزیسیۆنێک دەهاتە بەرچاو و بزاڤێک بەناوییەوە دروست بوو. کە شۆڕشی فەرەنسا سەری هەڵدا ئەمانە مەیلداریان بۆ شۆڕشەکە هەبوو، بەشێکی تری حکومەت پێیان باش بوو لەگەڵ بەریتانیا ڕێک بکەون، بۆئەوەی پەیوەندییەکان ئاسایی بکەنەوە و کەشتییەکانی بازرگانی بە سەلامەتی هاتوچۆ بکەن و ئینگلیز ڕێگرییان لێ نەکات..

ئینگلیز وازی لە گێچەڵ و ڕێگری و پەلاماری کەشتییەکان ئەمەریکا نەدەهێنا بۆیە لەسەردەمی سەرۆک کۆماری ئەمەریکا ١٨٠٩-١٨١٧ James Madison شەڕ دژ بە بەریتانیا گەورە ڕاگەیەندرا.. بەریتانیا ١٨١٤ پەلاماری ئەمەریکای دا و توانی پایتەخت بگرێ... حکومەتەکە هەڵات. دواتر بە شێوەیەکی ئاشی چارەسەری کێشەکان کرا و ئاشتی بەسەرکەوتن لەقەڵەم درا، تاوەکو ساڵی١٨١٥ Andrew Jackson گورزی دا لە بەریتانییەکان . بەم پێیە شەڕی دووەمی سەربەخۆییان ئەنجام دا... ئەم کۆمارە ساوایە سەرەتا پایتەختەکەی لە فلۆریدا بوو، دواتر گوێزرایەوە بۆ واشنتن. هەتا دەهات سەقامگیر دەبوو و گوزەرانیشی باش دەبوو، بەڵام هیندسوورەکان، کۆیلەکان و ژنان هێشتا بێ بەش بوون لە تەواوی مافەکانیان. لە بەیاننامەی سەربەخۆییدا سەربەخۆیی و سەروەرییان ڕوون کردەوە.

دەبوو دەوڵەتە نوێ دروستکراوەکان دەستوورێکیان بدرێتێ و هەروەها ماف و شێوازی پەیوەندییان پێکەوە ڕوون بکرێتەوە، تاوەکو پێکەوە خۆڕاگرن بەرەنگاری بەریتانیای مەزن بن. هەر لەسەر بنەمای ئەم دەستکەوتە گەورانە بوو، دواتر دەستووری ئەمەریکا بە تێروتەسەلی گەڵاڵە کرا و نووسرایەوە. ئەمەریکا بووە یەکەم دەوڵەتی دیموکراتی لە جیهان دا و پاشان گەورەترین دەسەڵات تا هەڵکشا بۆ سوپەر دەسەڵات و یەکەم زلهێزی جیهانی . ئەم شەڕە نزیکەی چارەکە ملیۆنێ کەس خوێنی پێ بەخشی، بۆیە ئەو ئازادییە بێ هاوتایەی لێ بەرهەم هاتووە،کە ئێستاش بایەخی لەدەست نەداوە و هێشتا بێوێنەیە...

شایانی وتنە سەرباری زۆر شت و گۆڕانکاری،هێشتا سیما و تایبەتمەندی باکوور و باشوور جیاواز بوو:

باکوور: بە پیشەسازیبوونێکی خێرای دەڤەرەکەی بەخۆیەوە دت ، کەم بوونەوەی بایەخی کشتوکاڵ تێیدا زەق بۆوە. بەڕادەیەک چوارقاتی باشوور کارخانە و کۆمپانیا لە باکوور هەبوو. گورجوگۆڵانە بونیاتی ژێرخانی بە تۆڕبەندی هێڵی ئاسن کرا، کە دوو هێندەی باشوور بوو. پاراستنێتی .Protecßtionism/ گەشەکردنی دانیشتوان و بەشارستانی بوون« لەدەمی هەڵگیرسانی جەنگدا ٢٢ ملیۆن دانیشتوان بوو»... دەستەی هەڵبژاردەی سەرمایەداری پیشەسازی... کۆمەڵگەیەکی یەکسان و تاکگەرا. بەرهەمهێنان، دیسپلین و زیرەکێتی. سەروەرێتی دەسەڵاتی ناوەندی...

باشوور: چاندنی لۆکە و کێڵگەی کشتوکاڵ. گەشەکردنێکی لاوازی ژێرخان. بازرگانی ئازاد. زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان بەستی و لەدەمی هەڵگیرسانی جەنگدا ٩ ملیۆن دانیشتوان و لەوانەش ٤ ملیۆنی کۆیلەبوون. ئەستۆکراتێکی کشتوکاڵی، کۆمەڵگەیەکی باوکایەتی/ پاتەرنالیستی هەڕەمی، سوارچاکێتی، شانازی بەخۆکەر و خاوەن ئابڕوو. سەربەخۆیی تاکەتاکەی دەوڵەتەکان...



*+ شەڕی ناوخۆ ١٨٦١-١٨٦٥ و ئازادکردنی کۆیلەکان*

بە نزیکەیی ساڵی ١٨٣٠ بزاڤێکی دژە کۆیلایەتی لە باکووری ئەمەریکا سەری هەڵدا بەناوی Fugitive Slare Act بڵندگۆکەشی William Lloy بوو ، لەم پێناوەدا ساڵی ١٨٣١ دەستی کرد بە دەرکردنی گۆڤاری بەناوبانگی .Liberator شایانی باسە ساڵی ١٧٩٦ «یەکێتی» لەنێوان ١٣ دەوڵەتۆکەکەدا دروست بوو. ئەم دەوڵەتانە: بریتی بوون لە Vermonts ١٧٩١, Kentuckys ١٧٩٢,Tennessees ١٧٩٦بە دروست بوونی ئەم سێ دەوڵەتۆکەیە هاوسەنگی پەیدا بوو لە نێوان ٨ دەوڵەتەکەی باکوور، کە کۆیلەیان تێدا نەبوو، لەگەڵ ٨ دەوڵەکەی باشوور کە خاوەن کۆیلە بوون.

ئەم دۆخە وا مایەوە تا ساڵی١٨١٩ ١٨١٢ Missouri,Louisiana کە لە ڕۆژئاوای Mississippi بوون هاتنە ناو یەکێتییەکەوە،کە لەساڵی ١٨٥٤ دروست ببوو. ساڵی ١٨٥٠، کالیفۆڕنیا داوای کرد وەک دەوڵەتێکی ئازاد بێتە ناو یەکێتییەکەوە. ئیتر بەتەواوی هاوسەنگی نێوان هەردوو بەرەی دەوڵەتی بێ کۆیلە و دەوڵەتی کۆیلەدار دروست بوو.. بەهەموو مانای وشەیەک کێشەی کۆیلەکان و کۆیلایەتی هەمیشە دەبووە چەقی هەرا و باسەکان، بەتایبەتی دوای ئەوەی Dred Scott کە کۆیلەیەکی خەڵکی Missouri بوو، بانگاشەی ئەوەی دەکرد کەوا ئازاد کراوە، بەڵام دادگا بە بیانووی ئەوەی« کۆیلەکان هاوڵاتی نین» و ئازاد لە ئەمەریکا ئازادبوونیان نییە، داواکەی ڕەت کرایەوە. ئەم باسە مشتومڕ و هەرایەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا. هەڵبژاردن هاتە پێشێ، کۆمارییەکان داوای هەڵوەشانەوەی سیستەمی کۆیلایەتییان دەکرد، بەتایبەت کە دەیانزانی لە باشووردا هیچ پێگەیەکیان نییە. ئەوەبوو لینکۆلن ٤٠٪ هێنا و وەک دەنگی زۆرینە تەواوی باکووری مسۆگەر کرد. کاتێ « Abraham Lincoln » ی کاندیتی کۆمارییەکان ساڵی ١٨٦٠بەسەرۆک هەڵبژێردرا، بە وتەیەکی ناو ئینجیل دەستی پێ کرد: «ماڵێکی پەرتەوازە و دابەشکراو ناتوانێ خۆی ڕاگرێ...«



دیموکراتەکان بە دوو کاندید بەشداری هەڵبژاردنیان کرد، یەکێ بۆ باکوور و یەکێکیش بۆ باشوور. ئەمەش ئەو هەڵە زەقە بوو کە تێی کەوتن و بووە هۆی دۆڕاندنیان لە هەڵبژاردنەکەدا... لینکۆلن هەڵبژاردنەکەی بردەوە، بێ ئەوەی یەک تاکەس لە باشووریش دەنگی پێ دابێت.. دەنگی ناڕەزایی لە بەشێک لە دەوڵۆتەکانی باشوور بڵند بۆوە. دەستبەجێ کارۆلینای خواروو South Carolina / وەک پرۆتێستێک لە یەکێتییەکە Union/ کشایەوە. دواتریش دەوڵەتۆکەکانی تر » « Mississippi,Florida,Alabama,Georgia, Louisiana,Texas یش کشانەوە و پێکەوە دەوڵەتانی کۆنفدراڵی ئەمەریکا Confederte states of America / یان دروست کرد و بەسەرۆکایەتی Jefferson Davis ی خاوەن کێڵگەی چاندی پەموو، و سیستەمەکەیان بەدەستوورێکی «کۆنفدراڵی» و پەیوەندی نەرم لەگەڵ یەکتردا و ناوەندێکی لاوازدا هاتە کایەوە... ئەم هەنگاوەش بووە مایەی هەرا و کێشە و ئەوە بوو یەکەم فیشەکی شەڕی ناوخۆ لە خوارووی کارۆلینا لە ١٢,٤,١٨٦١ تەقێندرا..

لەڕاستیدا کێشەی باکوور و باشوور هەر پرسی کۆیلەکان نەبوو، جیاوازی ئابووری و سیاسی و جڤاکیش هەبوون. بە کورتوکرمانجی: ئامانجی جەوهەریی شۆڕش ئەوە بوو" *ئایندەی ئەم وڵاتە چۆن دابڕێژرێت و ئەمەریکا بەرەو کوێ ببرێ؟؟ !!*

لینکۆلن لەم ڕووەوە قسەیەکی بەناوبانگی هەس: « *من گەر یەکێتییەکە Union ڕزگار بکەم، هەموو کۆیلەکان ڕزگار دەکەم ئەگەر بێت و تاکە کۆیلەیەک ڕزگار نەکەم...«*
وەک ئاماژەمان پێدا باکوور پێشکەوتوو بوو بە پیشەسازی و باشوور هەژار و خەریک بوون بە کشتوکاڵ.
لینکۆلن دژ بە هەنگاوی کشانەوەی دەوڵەتۆکەکان لە «یەکێتی» یەکەیان وەستایەوە و ڕایگەیاند پارچەکردنی «یەکێتی/ فیدراڵ»یەکەیان شیاوی قبوڵ کردنییە. ئەوە بوو لە دواجاردا بەشەڕ ئەو مەسەلە یەکلایی کرایەوە. دوای شەڕێکی سەخت و خوێناوی سەرباری باڵادەستی زۆری باکوور، بە زەحمەت توانیان شەڕەکە ببنەوە و یەکێتییەکەی نێوانیان ڕاگرن و هاوشانی ڕووداوەکان کۆیلەکان ئازاد بکەن، کە دوو ئامانج بنەڕەتی نێو شەڕەکە بوون: دوای کۆتایی هاتنی شەڕ باشوور ناچار کرا کۆیلەکان ئازاد بکات و ڕەش پێستەکان هەمان مافی سپییەکانیان هەبێت . ئەوجا دەست بە بونیاتکردنەوە کرا...



Das territoriale Wachstum der Vereinigten Staaten im 19. Jahrhundert.

ستراتیژی شەڕەکە بریتی بوو لەم هاوکێشەیە: باشوور دەبێت خۆڕاگری بکات، تاوەکو باکوور شەکەت دەبێ ئەوجا شەڕ یەکلایی بکرێتەوە... باکوور بۆ ئامانجی ڕاگرتن و پاراستنی « یەکێتی» یەکە پێویست بوو باشوور داگیر بکات. لینکۆلن ئابڵوقەی دەریایی بەندەرەکانی باشووری کرد بۆ ئەوەی جموجوڵە بازرگانییەکان ڕاگرێ هەروەها ڕێگە بگرێ لەهاتنی هێز و بژێوی بۆ هێزەکانی باشوور. دەرئەنجام کوشتارێکی بێ شومار کرا ٦٠٠ هەزار کوژراو و ٤٠٠ هەزار بریندار. باشوور تەواو کاول بوو. لە شارێکی وەک Virginia نزیکەی ٢٥ جار شەڕ بەرپا بوو. ئەوەی لە شەڕەدا کرا:

{{١- هەردوو خەڵکێکی زۆریان چەکدار کرد بۆ شەڕ کردن.٢- یەکەم جار بوو چەکی مۆدێرین و پێشکەوتوو لەشەڕدا بەکار بێت. سەرهەڵدانی پیشەسازی و بوونی تۆڕی ڕێگەی ئاسن و گواستنەوەی بە لێشاوی سەرباز بە شەمەندەفەر بۆ بەرەکانی شەڕ، هۆکارێکی تری کوشتارە زۆرەکەیە. سەرەتای ساڵی ١٨٣٠ نزیکەی ٢٠ km کیلۆمەتر ڕێگەی ئاسن هەبوو.. پاش ١٠ ساڵ بوو بە ٥٣,٠٠٠ km و پاش ٢٠ ساڵ دوای ئەوە ١٨٦٠ بوو بە خاوەنی ٤٤,٨٠٠ km هێڵی ئاسنین...٣- باکوور بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەدەست سەرکردەی ناکارامەوە بوو ، بەڵام باشوور خاوەنی سەرکردەی هەڵکەوتوو، وەک جەنەڕاڵ ... Robert E.Lee خاڵێکی بێ مانا لای باشوورییەکان ئەوە بوو بەهۆکاری ڕاسیستی، ڕێگەیان نەدا بە کۆیلە ڕەش پێستەکان بەشداری شەڕ بکەن}}، چونکە پێیان وابوو:

{{ ـ ئەوانە نابێت هاوشانی خۆیان لەسەنگەرەکان دا بەرگری بکەن، پێکەوە خوێنیان بڕژێت ـ باشوورییەکان هەستی خۆشەویستی وڵاتیان زۆر بەهێز بوو، بۆیە بە ئاگای و هوشیاری و گەرموگوڕییەوە داکۆکییان لێ کرد.. باوەڕیشیان بەسەرکەوتن هەبوو}}..

باکوورییەکان زۆر یەکگرتوو نەبوون، زۆر شەڕیان دەکرد و بەزەحمەت سەرکەوتوو دەبوون.. بۆ نموونە لە ناوچەکانی Antietam,New Orleans بەڵام دواجار شەڕی یەکلاکەرەوە لە ١٨٦٣ لە ناوچەی Gettysburg کرا. کاتێ هێزەکانی جەنەڕاڵ Lee نزیکەی ٢٨,٠٠٠ هەزار کەسیان لێ کوژرا و باکوورییەکانیش ٢٣,٠٠٠ لێ کوژرا، دواجار باشووریەکان خۆیان دا بەدەستەوە. دواجار لە کۆتایی هاتنی شەڕدا ، لینکۆلن وتارێکی بەناوی Gettysburg Address دا و داوای ئاشبوونەوەی ڕاگەیاند و هیوای خواست خوێنی قوربانییەکانیان بێتە هەوێنی دروستکردنی نەتەوەیەک لە ئازادی و دیموکراسیدا بژی...


Der militante Protest Bostoner Händler und Bürger am 16. Dezember 1773 gegen britische

*+ هۆیەکانی دۆڕاندنی باشوور*

ـ توانای مرۆیی و ماتریالی باڵادەستتر بوو بە شێوەیەکی باش ڕێکخران، لەبەرانبەردا جیاخوازەکان داوای ئازادکردنی کۆیلەکان و گرێدانیان بە هێزەکانەوە نەبوو.

{{١ ـ پاراستنی یەکێتی ئەمەریکا و ئازادکردنی کۆیلەکان دروشمی سەرەکی باکوور بوون. ئەوەبوو لینکۆلن Lincoln لە ١,١,١٨٦٣ لە ڕاگەیاندنی Emancipation Proclamation دا ئازادبوونی هەموو کۆیلەکانی بڵاوکردەوە. سەرۆک بەمە پشتیوانی لە داوای جەماوەری ناوخۆ کرد و ڕێگەی بڕی لە دەوڵەتەکانی باشوور لەوەی ددان پێدانی دەرەکی و نێونەتەوەیی بەدەست بهێنن.
ـ »دیپیلۆماتی لۆکە«ی باشوور گوایە پیشەسازی ناوخۆی بەریتانیا لەسەر لۆکەی باشووری ئەمەریکا وەستاوە. ئەم ڕووداوانەش دەبێتە هۆیەک دەست تێوەردانی دەرەکی، بەتایبەت چاوەڕێ بوون لەشەڕەکەدا بەهایانەوە بێت!!. چونکە باکوور گەمارۆی کەشتییەکانی بەریتانیایان دابوو. ئەم هیوایە شکستی هێنا...ئەمەریکا یەدەگی زۆر بوو، لەگەڵ هیندە سوورەکان و وڵاتی میسردا ڕێکەوتنی لەسەر هاوردەکردنی لۆکە هەبوو.٢ـ تێچووی جەنگ لەسەر باشوور بە هۆی پرسی باج و پارەی کاغەزەوە، خراپ کەوتەوە و زۆر کەوت لەسەریان و باری ئابوورییان دارما و بەرگەی درێژەکێشانی جەنگییان نەدەگرت}}..

*+ ئاکامەکانی شەڕ:*

{{ ١- کۆتایی پێهێنانی کۆیلایەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دا.٢- پاراستنی «یەکێتیی» نێوان دەوڵەتۆکەکان کە پێکیان هێنابوو..٣- جەختکردنەوە لەسەر سەروەرێتی فیدراڵی بەسەر تاکەتاکەی دەوڵەتەکان دا.٤- وێرانکردنی ئابووری باشوور و تازەکردنەوەی چوارچێوە جڤاکی و سیاسییەکەی.٥- ئازادکردنی دینامیکێتی ئابوورییەکی نوێ}}.

دوای کۆتایی شەڕی ناوخۆ، ئەبرەهام لینکۆلن بەچەند ڕۆژێکی کەم لەلایەن کەسێکی لایەنگری کۆنفدڕاڵی/ باشوورەوە کوژرا!!... هەموو دەوڵەتۆکەکانی باشوور بڕیاری پەسەندکردنی نەهێشتن و قەدەغەکردنی کۆیلایەتییان کرد بەڵام ئەم دیاردەیە و ڕەگەزپەرستێتی بنەبڕ نەبوو!!!..



*+ ڕەگەزپەرستێتی*

دیارە سەرباری شەڕی ناوخۆش و یاسا و بڕیاری قەدەغەکردنی کۆیلایەتی، هێشتا نەتوانراوە بەتەواوەتی کۆتایی بەم دیاردەی ڕەگەزپەستێتییە قێزەونە نامرۆڤانەیە بهێنرێ. بەتایبەت بەیارمەتی Black Codesڕەشپێستەکان دەچەوسێندرانەوە و مافی هەڵبژاردنی شوێنی کاریان نەبوو ، بۆیە کۆنگرێس گەڵای ١٤ بڕیاری سەرباریی بۆ دەستوور دا و کە گرنگترینییان ئەوەیە: هەر منداڵێک لە ئەمەریکا لەدایک بێت خاوەنی هەموو مافێکە و ئەمەریکاییە و هیچ کۆسپ و تەگەرە و جیاوازییەک نابێتە ڕێگری بەردەم ژیانی... هەموس یەکسانن لەبەردەم یاسادا. بەم جۆرە ڕەش پێست و کۆیلەکان بەردەوام بوون لەسەر خەبات بۆ مافەکانیان و بەداخەوە هەتا ئێستاش بە هەمووی مافەکانیان نەگەیشتوون... وەک دەزانین گرووپ و ڕێکخراوی دژە ڕەشپێست و ڕاسستیش لە بەرانبەردا سەری هەڵدا و دیارترینیان-Ku-Klux Klanکە ساڵی١٨٦٧ دروستبوو، لەلایەن پێشەنگەکانی جەنگەوە، بە نهێنی دروست کرا و بەڕێوە برا+ ... ڕەگەزپەستێتی

هەرچۆنێک بێت کۆیلەکان ئازادکران بەڵام ئازاد نەبوون ... ئەمەریکا بەو هەموو ئازادی و خۆشگوزەرانییەی خۆیەوە هێشتا نەیتوانیوە، بەتەواوەتی کۆمەڵگەیەکی هارمۆنی ساز بدات... ئیتالیایی و چینییەکان و کاسۆلیکەکان و جولەکەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا هێشتا پارێزگاری لە شوناسی خۆیان بەر لە هی ئەمەریکایی دەکەن Chinatown,Little Italy...ناوچەی دیکەش بەرچاو دەکەون...کۆیلەڕاگرتن دوو ڕەهەندی« ئاینی و ڕەگەزپەرستی" هەبووە.

ئاکامگیریی:

گەر بە وتەیەکی هانا ئارێنت دەست پێ بکەین: "شۆڕش بریتی نییە لە گەڕانەوەی دۆخی پێشتر،وەک گەڕانەوەی ئەستێرەکان،بەڵکوو بریتییە لە دەستپێکێکی تەواو نوێ. شۆڕش بریتییە لە لەدایکبون،لەدایکبوونیش واتە دەستپێکێکی تر،هەموو دەستپێکێکی تازەش بریتییە لە کرۆکی ئازادی". ئەوە پێناسەی شۆڕشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

ئەوەی لێرەدا لە میانەی شۆڕشدا ناسراوە، کۆلۆنییە ئەمەریکاییەکان لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەمەریکا نین و پێکهاتەیەکی شێوە کۆلۆنیالیستین، کە دواجار خۆشیان بە ڕووی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتی دایکی خۆیان لە دوورایی هەزاران کیلۆمەترەوە لە پێناوی "ئازادی" دا دەجەنگ و بڕیاری سەربەخۆیی و خۆقوتارکردن لە چنگی هەژموونی قورسی "ئایینی و ئابووری"دەدەن. واتە ئەم پێکهاتە کۆلۆنییە نیشتمانێکی داگیرکراو نەبوون، تا بە شۆڕش ڕزگاریان بێت،بەڵکوو جەنگێکیان بەرپا کردووە لە فۆڕمی شۆڕش دا،کە ئازادی کرۆک و ناوەڕۆکێتی، بەدەستەکەوتی تری گەورەی هێنانی مافی مرۆڤ و یەکسانی و بەدەستهێنانی بەختەوەری بۆ گشت مرۆڤەکان و پاراستنی شکۆ و ئابڕووی هاوڵاتی لەئاست دەسەڵاتی ناوخۆشدا. ئەمەش پڕاوپڕ مانای ئەو گۆڕانەیە کە شۆڕش دەیخوڵقێنێ. شۆڕشەکە ئایدۆلۆژیایەکی دیاری کراوی نییە و بۆ سیستەمێکی نەخشە بۆ کێشراویش هەوڵی نەداوە..ڕەهەندی کۆمەڵایەتیشی نییە،بەوەی خۆی بە نوێنەری دەستەوتاقم و توێژێ بزانێ. کاتێکیش شۆڕش سەردەکەوێ،لەناوەوە ڕووبەڕووی کێشەی ناوخۆ دەبێت و جیابوونەوەیەکی نوێ دێتە بەردەم شۆڕشگێران و بەناچاری بە زەبری چەک و توندوتیژی چارەسەری ئەم "شەڕە نێوخۆییە" دەکرێت. کەواتە شۆڕشگێڕە سەرکەوتووەکان فریای ئەوە نەکەوتوون خۆیان بەری شۆڕش بچننەوە و بیخۆن و ببنەوە بە ستەمکارێکی نوێ،ڕووبەڕووی بڕیاری جیابوونەوەی کۆمەڵێ دەوڵەتۆکە دەبنەوە کە بەو "یەکێتی"یە ڕازی نین،کە لەسەری پێک هاتوون.

دەبێت ئەوەش بڵێین کەوا هەموو مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لە ئامانجەکانی شۆڕش و بنەماکانی دەستووردا ئاماژەیان پێدراوە،ئەمەش گەورەترین وەرچەرخانی مێژوویی بە سوودی مرۆڤ،وەک مرۆڤ بە ڕەنگ و بنەچەی جیاوازەوە هێنایە کایەوە. مافەکانی تر مرۆڤ لە یەکسانی و دادپەروەریی و خاوەندارێتی و شکۆمەندی هێنایە پێشەوە، بێ جیاوازی ئەو مرۆڤە لە هەر پلەو پۆست و دەسەڵاتێکدا بێت.

بەم پێیە بیروڕامان هاوجووتی گوتەیەکی بێردنارد شۆ دەبێتەوە کە دەڵێ:" ئازادی وەک هەناسەدان وایە بۆ نەتەوەکان".

ئەمە شەڕی ناوخۆی ئەمەریکا چ مانا و فەلسەفەیەکی سیاسی و ئیدیۆلۆژی پێوە نالکێ بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە دیاردەی "شەڕی ناوخۆ" وەک بەشێک لە بەناو شۆڕشگێڕەکانی جیهانی سێیەم،دەیانەوەی بە قەدوباڵایدا ببڕن.بەواتایەکی تر لەم نموونانەوە ڕەوایەتی وەرگرن بۆ کوشتنی براکانی خۆیان. ئەمە شەڕی حیزبایەتی و توێژ و دەستەی دیاریکراو نەبوو، لەسەر فکر و ئیدیۆلۆژی،بەڵکوو شەڕێک بوو لەسەر گۆڕەپانی پاراستنی "یەکێتی" نێوان کۆلۆنییەکان،بەواتای یەک پارچەیی جوگرافیای سەرزەمینێکی دیاریکراو.

شاراوە نییە، مێژووی ئەمەریکا چەندین لایەن و خاڵ و لاپەڕەی سپی و ڕەشی تری تێدایە، سەدەیەکیشە زلهێزی جیهانییە و لە ڕووی ئابووری و سەربازی و زانست و تەکنەلۆژیا و سیاسەتەوە... کاریگەرێتی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەسەر تەواوی گۆی زەوییەوە دیارە.



چەند وتەیەکی ناوداران دەربارەی ئازادی و ئەمەریکا..

+ ئازادی ژیان وا لە دڵی بازرگانی و مامەڵەدا، لەئەقڵ و رۆحی مرۆڤ دا، بۆیە پێویستە ڕۆژانە قازانج بکات و سوودی پێ بگات و نوێ بێتەوە، دەنا وەکوو گوڵێکی لێ دێت، کە لە ڕەگی ژیانی خۆی دەبڕدرێتەوە و وشک دەکات و هەڵدەوەرێت!!!Dwight D. Eisenhawer

+ هەرگیز ڕێگە نەدەیت ئازادیت لەدەست بچێت.J.Adison

+ ئازادی هەمیشە ترسناک و بڤەیە، بەڵام ئەوە زامنترین شتە،کە ئێمە دەمانەوێت..H.E.Fosdick

+ لەهەر شوێنێک ئازادی بژی ئەوێ نیشتمانمە.Benjamin Franklin

+ ئەو شەماڵەی لە چیاکاندا بە نێو ئاسمانی فراواندا هەڵی کردووە، ئەو هەوایەی لە کەنەداوە بەناو مەسیکۆ و لە پاسیفیکەوە بۆ ئەتڵەنتیک هەڵی کردووە بە لوورەلوور دێ، هەمیشە فوو دەکەنە پیاوانی ئازاد..Franklin D. Rooselvelt

+ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تاکە وڵاتە کە ڕۆژی لەدایکبوونی بەناوبانگە..J.G.Blaine

ئەمەریکا میلۆدییەکە، پێویستە پێکەوە بیچڕین..Gerald Stanley Lee

+ من بەختەوەرم بەوەی ئەمەریکاییم، کەبەلانی کەمەوە، دەزانم کەوا ئازادم. من ئەو پیاوانە لەبیر ناکەم کە لەم ڕێیەدا مردن و ئەم مافەیان بە من بەخشیووە.Lee Greenwood

+هاوڵاتیانی خۆشەویستی ئەمەریکاییم: پرسیار مەکەن کەوا وڵات دەتوانێ چی بکات بۆ ئێوە!، بپرسن داخۆ ئێوە دەتوانن چی بکەن بۆ وڵاتەکەتان.. هاوڵاتیانی جیهانم: پرسیار مەکەن ئەمەریکا دەتوانێ چی بۆ ئێوە بکات، بەڵکو ئێمە پێکەوە دەتوانین چی بکەین بۆ ئازادی مرۆڤەکان..John .F. Kennedy

+ با هەموو نەتەوەکان بزانن، ئایا باشی ئێمە دەخوازن یاخود خراپەمان، ئێمە هەموو نرخێک دەبەخشین، هەر ئەرک و بارێک بخەینە سەرشانمان ، ڕووبەڕووی هەر تەنگانە ببینەوە، پشتیوانی هەموو دۆستانمان دەکەین، بەرەنگاری هەر دوژمنێک دەوەستینەوە، بۆئەوەی مانەوە و ژیان و سەرکەوتنی ئازادی مسۆگەر بکەین...Kennedy

+ ئەوانەی گەوهەری ئازادی بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشێکی کاتی لەدەست دەدەن، نە شایستەی ئازادی و ئاسایشن و نە هیچیان بەدەست دێنن..


** بۆ ئەم نووسینە سوود لە بینینی چەند ڤیدیۆیەک و ئەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- هانا ئارێنت   شۆڕش و ئازادی  و. لە ئەڵمانییەوە      بەکر عەلی

١. USA. Christine Metzger ٢٠٠٨

٢.USA- von der Kolonien zur globalen Supermacht Matthias Ehm ٢٠١١

٣. Die Geschichte der USA Wolfgang Jäger /Cosuelsen Verlag ٢٠١٥

٤. Geschichte der USA Alexander Emmerich. ٢٠١٣

٥. Geschichte der USA Horst Dippel. ٢٠١٥

٦. Nationsbildung im ١٩j.h USA,Polen, Deutschland in Vergleich Eugen Kosle ٢٠١٦

٧.Der Amerikanische Bürgerkrieg.١٨٦١-١٨٦٥ UDO Sautter ٢٠٠٩